مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# تأثير البيئة الاجتماعية في معنى الكلمات في (ڕشتەی مرواری)

شاناز احمد محمد
shanazahmad@gmail.com
أ.م..د ليلى جليل عباس دەڵۆ
dalyaa829@gmail.com
جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الانسانية قسم اللغة الكوردي

**الكلمات المفتاحية**: الدلالات الاجتماعية، سياق الموقف، خيط اللؤلؤ، جي آر أولاً، السخرية والأمثال، الهوية الاجتماعية.

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , شاناز احمد , ليلى جليل عباس دەڵۆ, تأثير البيئة الاجتماعية في معنى الكلمات في (ڕشتەی مرواری),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# The influence of the social environment on the meaning of words in (Shashti Marwari)

**Shanaz Ahmed Muhamad**
shanazahmad@gmail.com
**Dr.Laila Jalil Abbas**
dalyaa829@gmail.com
**University of Kirkuk, College of Education, Department of Kurdish Language**

**Keywords** : Social Semantics, Situation Context , Pearl Thread , GR First , Satire and Proverbs , Social Identity.

**How To Cite This Article**
Muhamad , Shanaz Ahmed , Laila Jalil Abbas ,The influence of the social environment on the meaning of words in (Shashti Marwari) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This research, titled (The Influence of the Social Environment on Word Meaning in the (ڕشتەی مرواری)), presents an abstract that aims to provide a practical framework for examining how the social environment and social behaviors influence meaning. Specifically, it looks at the meanings of the words found in the book (ڕشتەی مرواری), by utilizing the views of the renowned linguist J.R. Firth. This is because Firth believes that language is a social phenomenon, and that meaning changes according to the context, the speaker, and the addressee. Given that the status individuals hold within society dictates their manner of speaking and word selection, this plays a role in determining meaning. This is because each social class has its own linguistic characteristics and uses language in its own distinctive way. These differences are what create various situations, and these situations, in turn, play a role in determining meaning in language. A society is a place where a group of people live together and a common language brings them together. Are the

individuals living in this society all of the same sex? Are they all in the same class? Are they all intellectuals and educated? Why do we ask these questions? Because all these social phenomena cause different situations, what effect does this have on meaning? It certainly affects the determination of meaning and the way words are used by individuals, because Fers says: Meaning is in use and the creation of new meanings is created through social capital and community members (participants). Their appearance in different situations changes their meaning. Their full meaning is determined by the situation, for example, changing cultural meaning to moral meaning or creating political meaning or giving social meaning (class).

ملخص:

هذا البحث الموسوم بـ (تأثير البيئة الاجتماعية في معنى الكلمات في (رِشتەی مرواری))، يهدف ملخص هذا البحث إلى تقديم إطار عملي لفحص كيفية تأثير البيئة الاجتماعية والسلوكيات الاجتماعية في المعنى، وبشكل خاص معاني الكلمات الواردة في كتاب (رِشتەی مرواری)، وذلك بالاستفادة من آراء عالم اللغة البارز (ج. آر. فيرث). وهذا لأن فيرث يرى أن اللغة ظاهرة اجتماعية، وأن المعنى يتغير تبعا للسياق والمتحدث والمستمع. ونظرا لأن المكانة التي يتمتع بها الأفراد داخل المجتمع هي التي تحدد أسلوب كلامهم واختيارهم للكلمات، فإن هذا يلعب دورا في تحديد المعنى. وهذا لأن كل طبقة اجتماعية لها لغتها الخاصة بها وتستخدم اللغة بطريقتها المميزة. هذه الاختلافات هي التي تؤدي إلى خلق مواقف مختلفة، وهذه المواقف بدورها تلعب دورا في تحديد المعنى في اللغة. المجتمع هو مكان يعيش فيه مجموعة من الناس معًا، وتجمعهم لغة مشتركة. هل جميع أفراد هذا المجتمع من الجنس نفسه؟ هل ينتمون جميعًا إلى الطبقة نفسها؟ هل جميعهم مثقفون ومتعلمون؟ لماذا نطرح هذه الأسئلة؟ لأن كل هذه الظواهر الاجتماعية تُحدث مواقف مختلفة، فما تأثير ذلك على المعنى؟ من المؤكد أنها تؤثر على تحديد المعنى وكيفية استخدام الأفراد للكلمات، لأن فيرس يقول: المعنى قيد الاستخدام، ويتم خلق معانٍ جديدة من خلال رأس المال الاجتماعي وأفراد المجتمع (المشاركين). إن ظهور الكلمات في مواقف مختلفة يُغير معناها. ويتحدد معناها الكامل بالموقف، على سبيل المثال، تحويل المعنى الثقافي إلى معنى أخلاقي، أو خلق معنى سياسي، أو إضفاء معنى اجتماعي (طبقي).

# کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر واتای وشە لە (ڕشتەی مرواری)دا

شاناز احمد محمد
زانکۆی کەرکوک / کۆلێژی پەروەردە /بەشی زمانی کوردی
shanazahmad@gmail.com

پ.ی.د لەیلا جەلیل عەباس دەڵۆ
زانکۆی کەرکوک/ کۆلێژی پەروەردە /بەشی زمانی کوردی
dalyaa829@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی ( کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر واتای وشە لە ڕشتەی مرواری)دا ،پوختەکەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە چوارچێوەیەکی پراکتیکی بۆ سەلماندنی ئەوەی چۆن (ژینگە کۆمەڵایەتی) و (ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان) کاریگەریان هەیە لەسەر (واتا) ، بەتایبەت واتایی ئەو وشانەی کە لە کتێبی (ڕشتەی مرواری)دا هاتووە بەسوود وەرگرتن لە بۆچوونەکانی زانای بەناو بانگی زمانەوانی (جی.ئاڕ.فێرس) (J.R.Firth) ئەمەش لەبەر ئەوەی فێرس پێی وایە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە واتاش دەگۆڕێت بەپێی کۆنتێکست و قسەکەر و قسە بۆ کراو، چونکە ئەو پێگەیەی بەشداربووان کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی شێوازی قسەکرد و هەڵبژادنی وشەکان لە لایی تاکەکان دیاری دەکات ، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە دیاری کردنی واتا ، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر چینێک زمانی تایبەت بەخۆی هەیە بە شێوازی تایبەت بەخۆی زمان بەکاردەهێنێت ، ئەم چینە جیاوازانەش هۆکارن بۆ دروست کردنی بارودۆخە جیاوازەکان ئەمانەش ڕۆڵیان هەیە لە دیاری کردنی واتا لە زماندا .

-کلیلی وشەیی: واتاسازیی کۆمەڵایەتی, کۆنتێکستی باردۆخ , ڕشتەی مرواری , جی ئاڕ فێرس , تەنز و پەندی پێشینان , ناسنامەی کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی :

- بواری توێژینەوەکە:

کار لە سەر پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگادا دەکات لە سەر بنەمای بۆ چوونەکانی (فێرس) ، ئامانج لەم توێژینەوەیە سەلماندنی ڕادەی کاریگەری ئەو بنەمایانەیە کە فێرس دایناوە بۆ دیاری کردنی واتا.

-ڕێباز و سنووری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی (وەسفی) شیکاری پەیرەوکراوە، سنووری توێژنەوەکەمان لێکدانەوەیە لە واتا لەسەر بنەمای بۆ چوونەکانی فێرس نموونەکان لە کتێبی ڕشتەی مرواری وەرگیراون.

-پرسیاری و گرنگی توێژینەوەکە:

هەوڵدانە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە ، ئایا چۆن وشەیەک واتاکەی لە ڕێگەی کۆمەڵگا و کولتوورێک دیاری دەکرێت ؟ یان  چۆن واتایی وشەکان و بەکارهێنانیان لە لایەن تاکەکان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتیان واتا دەگۆڕێت و واتا دیاری دەکرێت ؟ گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە .

## کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر واتای وشە لە (ڕشتەی مرواری)دا:

### _ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و واتا :

### سەرەتا :

کۆمەڵگا بریتییە لە شوێنێک کە کۆمەڵێک کەس پێکەوە تێیدا دەژین و زمانێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ، ئایا ئەم (کۆمەڵگایە) کە کۆمەڵێک کەسێک لەخۆ دەگرێت ئەو تاکانەی کە تێیدا دەژین هەموویان لەیەک ڕەگەزن ؟ هەموویان لەیەک چینێکی دیاری کراون ؟ هەموویان ڕۆشنبیر و خوێندەوارن ؟ بۆچی ئەم پرسیارانە دەکەین ؟ چونکە هەموو ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیانە هۆکارە بۆ درووست بوونی (بارودۆخە) جیاوازەکان ، ئەمە کاریگەری چی هەیە لەسەر واتا ؟ بەدڵنیاییەوە کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی (واتا) و شێوازیی بەکارهێنانی وشەکان لەلایەن تاکەکانەوە ، چونکە (فێرس) دەڵێت : واتا لە بەکارهێناندایە هەروەها دروستکردنی واتایی نوێ لەڕێگەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئەندامانی کۆمەڵگا (بەشداربووان) دروست دەبێت ، چونکە (واتا) تەنها لەڕێگەی فەرهەنگەوە دیاری ناکرێت ، بەڵکو واتا لەژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەردەکەوێت بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت ، بەواتایەکی تر وشەکان لەڕێگەی دەرکەوتنیان لە بارودۆخە جیاوازەکان واتایان دەگۆڕێت لەڕێگەی بارودۆخەوە واتایی تەواوەتیان دیاری دەکرێت ، بۆ نموونە گۆڕانی واتایی فەرهەنگی بۆ واتایی ئەخلاقی (ڕەوشتی) یان دروست کردنی واتای سیاسی یان بەخشینی واتایی کۆمەڵایەتی (چینایەتی) ، واتایی شوێنی یان واتایی کاریگەر (Dempsey & Bramley ,2009,2) دروست بوونی ئەم واتایانە لەژێر کاریگەری ڕەندە کۆمەڵایەتییەکاندایە ، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەی کە لێرەدا دەستنیشانی دەکەین بریتییە لە :

١.وتا بەپێی بەشداربووان .
٢.واتە بەپێی کات .
٣.واتا بەپیێ شوێن .
٤.واتە بەپێی کاریگەری .

سەبارەت بە بەشداربووان  کە (گوێگر و قسەکەر) دەگرێتەوە ڕۆڵی چینایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری لەخۆ دەگرێت ، لە لایەک گۆڕانی (واتا) وشەکان بەپێی پێویستیەکانی سەردەم ڕەنگە وشەیەک لەسەردەمێک واتایەک بەدەستەوە بدات لەسەردەمێکی تر واتایەکی تر ، لەلایەکی تردا وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک ڕەنگە لەکاتی (خۆشی) واتایەکی هەبێت



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

لەکاتی (ناخۆشی) واتایەکی تر بەدەستەوە بدات ، واتە وشەکان بەتێپەڕبوونی (کات) و گۆڕانی (بارودۆخ)یش واتایان دەگۆڕێت ( Lessig,1995 ,946 بەڵام ئەوەی لە توێژینەوەکەی ئیمەدا گرینگە توێژینەوەیەکی (وەسفی) یێت ، واتە لە سەردەمێکی دیاری کراودا . چۆن واتای وشەکان (لەهەمان سەردەم) بەڵام تەنها بەگۆڕانی کۆنتێکست و بارودۆخەکان واتاییان دەگۆڕێت ؟ بەواتاییەکی تر (واتا) بەپێی بەکارهێنان و شوێن ، ئەو شوێنەی کە قسەکەی تێدادەکرێت کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی واتا ، ئەمە کاریگەریی دەکاتە سەر وەرگر و کاریگەریشی هەیە لەسەر دیاریکردنی واتا ، ئەمەش وادەکات واتاکان پەیوەستبن بەناسنامە کۆمەڵایەتییەکانەوە ، بەواتاییەکی تر ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر چییە؟ چونکە کاردەکاتە سەر هەڵبژاردنی وشەکان لە لایەک لەلایەکی تر ناسنامەی قسەکەر کاردەکاتە سەر (واتا) ، هەر بۆیە قسەکەر یان نوسەر لەبەرامبەر (هەڵبژاردن) و (کۆدەکان) دەبن ، مەبەستمان چییە ؟ دەتوانیین بیکەین بە دوو خاڵ :

١.بژاردەکان : چی دەتوانن بڵێن ؟ چی دەتوانن بنووسن ؟

٢. کۆدەکان : ئەو وشانەی کە دەوترێن دەبێت بەکۆد ، چۆن لەو کۆدانە بگەین کە دەوترێت ؟

ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و زمان بەکاربهێندرێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێک لە ناو کۆمەڵگا و کولتوور (Halliday,1978,23 ) لەبەر ئەوەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کولتووریە بۆیە کۆدەکان بژاردەکان لەژێر کاریگەری کۆمەڵگا و کولتوورە ، کاریگەری دەکات لەسەر دیاری کردنی واتا ، زمان لە نێو کۆمەڵگا و بارودۆخە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکاندا بەکاردێت و واتا بەدەستەوە دەدات (Hornberger & Mckay,2010, 5) لەڕێگەی نموونە هێنانەوە لەکتێبی (ڕشتەی مراواری)دا ئەمانە زیاتر ڕوون دەکەوینەوە، بە پشت بەستن بە بۆچوونەکانی زانای بەناوبانگ J.R.Firth زمانەوانی بەریتانی کە لەساڵی (١٨٩٠) لەدایک بووە (١٩٦٠) کۆچی دوای کردووە ( Chapman & Routlede , 2005 , 86) فێرس کە بەدامەزرێنەری قوتابخانەی لەندەن دادەنرێت ، کە زیاتر کارەکانی گرینگی دان بووە بە دەنگسازی و واتاسازی، زۆر گرینگی بە لایەنی سینتاکاس و مۆرفۆلۆژی نەداوە (محمد محمد يونس علي، ٢٠٠٤، ٧٨ ) کارەکانی فێرس هۆکار بووە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارانەی، بۆچی هەندێ لە وشەکان لە واتا فەرهەنگییەکەی دەردەچێت واتایەکی تەواو جیاواز بەدەستەوە دەدات، دەتوانین ناوی بنێین واتایی (کۆمەڵایەتی) یان (کولتووری) یان واتایی تایبەت بە کۆمەڵگایەک. ئەی بۆ چی تەنها یەک (وشە) بە گۆڕانی کۆنتێکستی و بارودۆخەی کە تێدا دەردەکەوێت واتاکەی دەگۆڕێت؟ چەندان پرسیاری تر بەڵام لەم توێژینەوەی زیاتر سەرنجمان لەسەر ئەم دوو پرسیارەیە ، فێرس بۆ لێکدانەوەی واتا لەسەر ئەم بنەمای کۆنتێکستی دۆخە چەند بنەمای سەرەکی دیاری کردووە ئەوانیش :

١.کەسەکان/ کەسایەتییەکان.
٢.دەربڕینی زارەکی بەشداربووان.
٣.دەربڕینی نازارەکی بەشداربووان .
٤.ئەو شتانەی پەیوەندیدارن ( کەرەستانەی کە بەشداریان کردووە لە ئاخاوتنەکە ).
٥.کاریگەری کرداری زارەکی . ( Riegel , 1996 , 26 )
بە واتاییەکی تر کێ قسە دەکات؟ بۆ کێ قسەدەکات؟ قسەکەر کێیە لە چی ئاستێکی کۆمەڵایەتییە پێگەی لەناو کۆمەڵگا چییە؟ ئەی گوێگر کێیە؟ لە چی ئاستێکی کۆمەڵایەتییە پێگەی کۆمەڵایەتی چییە لەناو کۆمەڵگا ؟ ئەو کۆدانەی کە بەکاریدەهێنن هەمووی بەشێوەی زارەکی دەریدەبڕن یان هەندێکی بەشێوازێکی تر؟ لە چی کات و شوێنێک ئەم ئاخاوتنە ئەنجام دراوە؟ ئەی ئەم ئاخاوتنە چی کاریگەریەکی هەبووە؟ هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی ئەپستراکت لەمێشکی تاکەکان هەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یارمەتی تاک دەدن بۆ تێگەیشتن لە واتایی دەربڕاوەکان ، چونکە تاک لە کاتی ئاخاوتن لە بۆشای قسە ناکات بەڵکو لە ناو کۆمەڵگا لە (کاتێک و شوێنێک) و بۆ (کەسێک ) وەرگرێک قسە دەکات، بۆیە فێرس ئەمانە بەئەپستراکت دادەنێت (Firth,1957,180 )

## پێکهاتەی دۆخ لە چیرۆکەکاندا :

سەرەتا دەبێت بزانین چیرۆک چییە؟ چەمک و واتایی چیرۆک بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوێک بەشێوەیەکی یەک بەداوی یەک لەسەر بنەمای (کات وشوێن بەشداربووان) ئەو کەرەستانەی کە بەشداریان کردووە لە چیرۆکەکە (سنور قادر فەرەج ، ٢٠١٢ ، ٥) واتا چیرۆک دەقێکە یان ئەوەتا (گێڕانەوەیە) یان (گفتوگۆیە) لە نێوان کەسایەتییەکان ، واتە ئەو کەسانەی کەبەشداریان کردووە لە ڕووداوی ناو چیرۆکەکە ، بۆ لێکدانەو (واتا) دەبێت ئەمانە لە بەرچاو بگیرێت تاوەکو لە (واتا) تێبگەین و دیاری بکەین ، بە واتایەکی تر چی شتێک یاخود کێ بووە هۆکاری خوڵقاندی ڕووداوەکە ؟ کێ تێوەگلاوە بەڕووداوەکە ؟ لەسەر بنەمای پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگ و ئاغا دەرەبەگ و ئاین و تەمەن (شێرکۆ حەمە ئەمین قادر ، ٢٠٠٩ ، ١٣) لەکتێبی (ڕشتەی مرواری) ئەم جۆرە دەقانە لەخۆ دەگرێت و بەرچاو دەکەوێت ، بۆ لێکدانەوەی دەقەکان لەسەر بنەمای تێوری فێرس لێکدانەوەیان بۆ دەکەین ، لەسەر ئەو بنەمایانەی کە لە (تیۆری فێرس)دا هاتووە کە بریتین لە (بەشداربووان ، کات و شوێن ، کەرەستەی بەشداربوو ، کاریگەری) چیرۆکیش لە چوارچێوەی ڕووداوێکدا دەسوڕێتەوە بەهۆی ئەو سنووردارییەی کەهەیەتی لە (کارەکتەر و کات و شوێن و کەرەستە بەشداربوو)و دەبێتە هۆی دروست کردنی دۆخێک بۆ لێکدانەوەی واتا لەسەر بنەمای (تیۆری فێرس) (دڵان عثمان عبدالکریم، ٢٠١٤، ٣٤) (مامۆستا عەلائەدین سەجادی) لە چیرۆکەکاندا بۆتە هۆی نیشاندانی باری تاکە کەس تیشک دەخاتە سەر بیرکردنەوە ودەستنیشان کردنی باری دەروونی چینێکی کۆمەڵگا و لەڕێگەی بەسەر کردنەوەی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

بەشداربووان ئەم لایەنانەمان بۆروون دەبێتەوە (حەمە سەعید حەسەن ، ٢٠٠٥ ، ١٤) لەسەرەتادا ئاماژەمان بەوەدا کە کۆمەڵگا بریتییە لە کۆمەڵێک کەس کە پەیوەستبوون لەنێوانیاندا هەیە ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوانیان هەیە ، دیاردە کۆمەڵایەتییانە لەناو کۆمەڵگادا هەیە هەبوونە و بوونی خۆشیان سەلماندووە لە هەموو سەردەمێک ، کە لەژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە (عەدنان ئەحمەد مستەفا ،٢٠٢٢، ٦)

لە کتێبەی (ڕشتەی مرواری)دا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە لەوانە :

_ئەورەحمان پاشای بابان کتێبێکی شانامەی دڕاوی پەرپووتی ئەبێ ، مەلایەکی ساحاف بانگ ئەکات ئەڵێ ئەم کتێبەم زۆر چاک بۆ چاک بکەرەوە . مەلا کتێبەکەی ئەباو لە دوای چەند ڕۆژێک ئەیهێنێتەوە . پاشا کە تەماشای کتێب ئەکا ئەو پەڕانەی کە لە جێی خۆیا نەمابوو هەموو خستۆتەوە جێ خۆی و ئەو جێیانەی کە دڕا بوون مالا لە سەر کاغەزێکی جوان نووسیەوەو پینەی کردووە و بە جزوەبەن کراوی و بەرگێکی باشەوە هێناویەتەوە.پاشا زۆری پێ خۆش ئەبێ و ئەفەرمووێ مەلا چیت ئەوێ داوا بکە ...* (عەلائەدین سەجادی ،٢٠١٥، ٦٥ )

پشت بەستن بە چوونەکانی فێرس بۆ دیاری کردنی واتا لە کۆنتێکستی بارودۆخ ، کە فێرس چەند بنەمایەکی دیاری کردبوو قسەکەر کێیە ؟ ئەی ئەو کەسەی کە قسەی بۆ دەکرێت کێیە (گوێگر) ؟پەیوەندی نێوان بەشداربووەکان چییە ؟ شتە پەیوەندیدارەکان ئەو شتانەی کە لە ئاخاوتنەکە بەشداری دەکات ، کاریگەری ئاخاوتنەکە ، ئایا ئاخاوتنەکە چی کاریگەریەکی هەبووە ، ئاخاوتنەکە دەگات بەچی ئەنجامێک ( Okamoto ,2010,41 ) فێرس مەبەستی سەرەکی لە دەست نیشان کردنی ئەم پێوەرانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە واتای وشەکان بەپێی پلە و پایە دەگۆڕێن ، ئەو دەقەی کە لە ڕشتەی مرواری هاتووە بەڵگەیە بۆ ئەم قسانە ، کەسایەتی دیاری ناو دەقەکە (ئەورەحمان پاشایە) ، کەسایەتی (پاشا) بەهۆی ئەوەی لە کۆمەڵگا پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە ، بۆیە لەم دەقە شێوازی قسەکردنی(ئەمرکردنە) نەک داواکردن لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتییەکی بەخشندەشی وەرگرتووە ، (مەلا سەحاف) لە سەرەتای دەقەکەدا وەک کەسایەتیەکی (ڕۆشنبیر / خەتخۆش)کە کار بۆ (پاشا) دەکات و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات، پەیوەندی نێوانیان دەبێت پەیوەندی (فەرمانڕەوا) بە (خزمەتگوزارێک) یان (کارمەندێک) کە لەژێر دەسەڵاتی پاشادایە ، کەسایەتی (ئەوڵاغا) بەهەمان شێوە کارمەندی پاشا یە ، کەرەستە بەشداربووەکانی ناو دەقەکە (کتێبی شانامە)یە هۆکاری دروست بوونی دۆخەکەیە ، چونکە ئەم کتێبە کتێبێکی ئاسای نییە ، بەڵکو کتێبێکی زۆر بەنرخی مێژووی وئەدەبییە ، وشەکانی (دڕاوی پەرپووتی) بەکارهاتووە بۆ گەیاندنی واتایی (کۆن) وشەکانی (جوان نوسیەوە پینەی کردووە بە جزوەبەن کراوی و بەرگێکی باشەوە هێناویەتەوە) ئەم وشانە ڕیز کراون بۆ گەیاندنی واتایی (چاک )کردنەوە ، کتێبەکە بووە هۆکار بۆ دروست

کردنی (دۆخی دووەمیش) چونکە کە (پاشا) شێوازی چاکردنی کتێبەکەی بەدڵ بوو پاداشتی دا بە (مەلا) ، ئەمەش وایکرد کە کەسایەتی مەلاش گۆڕانی بەسەردا بێت بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆنتێکستەکە و گۆڕانی پێگەی کۆمەڵایەتی ، وشەکانی (نانی جۆ بە وشکی ، یان بەدۆوە لە ناو حەفتەیەکدا جارێک شۆربا ، یان دۆشاو دەخوارد) هەموو ئەم وشانە واتای فەقیری و کەم دەرامەتی دەگەیەنێت ، وشەکانی (پڵاو و گۆشت و جلی جوان) ئاماژەن بۆ هەبوونی و دەوڵەمەندی ، بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستی بەرپرسیارێتیەکی قورس دێت ، بەو واتایەی مرۆڤ هەر چەندە پارەی زۆرتر بێت پێداویستی زۆر تر دەبێت پارەی زیاتری دەوێت ، وشەی (نانی جۆ) بەرامبەر بە وشەی (پڵاو) کلیلی تێگەیشتنە لە واتایی (بەشی دووەمی) دەقەکە ، کە مەلا مەبەستی ئەوەیە کولتووری خێزانەکەم گۆڕاوە ، بەڵام داهاتەکەی من بەشی ئەم کولتوورە نوێیە ناکات ، واتە وشەی (پێ بدەمەوە) بەپێی تیۆرەکەی فێرس لە کۆنتێکستی بارودۆخ واتایی فەرهەنگی خۆیی بەکارنایات ، بەڵکو مەلا مەبەستی ئەوەیە بۆم زیاد بکە ، ئەم دەقە دەیسەلمێنێت کە واتا بەستراوەتەوە بەو کولتوور و بارودۆخە کۆمەڵایەتییە کە لەدەقەکەدایە ، بەواتاییەکی تر دەسەڵات ڕۆڵی هەبوو لە دیاری کردنی واتا ، (پاشا) لە ڕێگەی دەسەڵاتی خۆیەوە توانی قسەکانی (مەلا) لەیەک بداتەوە ، تێگەیش کێشەی (مەلا) هەبوونی مولک نییە ، بەڵکو کەمی داهاتیەتی ، پێشینەی (پاشا) لە وەی کە کەسێک فێری ژیانی شاهانەیی بێت ناتوانێ دەستبەرداری ئەو ژیانە بێت ، کۆنتێکستی بارودۆخەی کە فێرس دایناوە بۆ لێکدانەوەی واتە ، جێگەی قبووڵ کردنە لە کاتی گفتووگۆ هۆکارە بۆتێگەیشتنی بەشداربووانی گفتووگۆکە لەیەکتر ، کەسایەتی ئەو کەسانەی کە بەشداری لە ئاخاوتنەکە دەکەن و شتانەی بەشداری لە ئاخاوتنەکە دەکەن ، لە دەقەی (مامۆستا سەجادی) جیاوازی زمانی لە نێوان (پاشا) و (مەلا) دەبیندرێت ، کە ئەمە پشتگیریە بۆ بۆچوونەکانی (فێرس) سەبارەت بەشێوازی بەکارهێنانی زمان ، فێرس پێی وایە کە تاکەکان ڕۆڵ دەگێرن لە کاتی قسەکردن

*ڕوانە (ڕشتەی مرواری) بۆ زانینی هەموو چیرۆکەکە.

هەر یەکێک بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵگاکەی هەیەتی قسە دەکات ، لەم دەقەشدا هەر کەسایەتیەک بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە دۆخەکە هەیەتی بەو شێوازەی قسەی کردووە لە واتای دەربڕاوەکان تێگەیشتووە . واتە بەکارهێنانی زمان لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندایە (و. نەریمان خۆشناو ، ٢٠٢١، ٨٥ ) ئەم هەڵوێستانەی وەک عادەت و کولتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە ، ئەم کولتوورە کاریگەری دەبێت لە سەر واتای دەربڕاوەکان ، چونکە وشەیەک بەکاردەهێن بۆ واتایەکی تر ، فێرس دەڵێت : (واتا تەنها لە فەرهەنگدا نییە بەڵکو لە کۆنتێکستی باردۆخدایە (CONTEXT OF SITUATION )و بەکارهێنان و دۆخی کۆمەڵایەتیدایە (Senis , 2015 ,274) بۆ تێگەیشت لە واتای وشەیەک یان دەربڕاوێک نابێت تەنها لە فەرهەنگ بگەڕین بۆ ئەوە واتاکەیی بدۆزین یان دیاری بکەین ،

بەڵکو دەبێت تەماشایی ئەو کۆنتێکست و کولتوور و باردۆخە کۆمەڵایەتییەش بەکەین بۆ دیاریکردنی واتا . ئەم دەقەکە بەنموونە وەردەگرین:

ژنانی کوردەواری ئەڵێن بتەوێ بزانی چ کچێک بە سەروبەرە بۆ ماڵ و گورج وگۆڵ و ماڵداری کەرە بۆ ماڵی مێرد ، لە کاتی نانخواردنیا سەیری بکە: ئەگەر گورج و گۆڵ بوو لە نانخواردنا ئەوا ئافرەتێکی تەواوە ؛ ئەگەر خاوو خلیچک بوو ئەوە بە کەڵکی ماڵ نایە .(عەلائەدین سەجادی ،٢٠١٥ ، ٥٠٥)

هەر یەک لەم وشانەی کە لەم دەقە فۆلکلۆرییە بەکارهێندراوە هەڵگری واتایی کولتووری و کۆمەڵایەتییە هەر لە وشەی (ژنانی کوردەواری) کە بە واتای وا (عادەتە) لە لایەن ئافرەتانی کورد ، کە بۆ هەڵبژاردنی کچێک بۆ هاوسەرگیری چاودێری بکرێت لەکاتی (نان خواردن) ، هەر بۆیە وشەی (نان خواردن) لێرەدا تەنها بۆ واتایە نەهاتووە کەسێک (نان بخوات) تاوەکو خۆی تێربکات ، بەڵکو بەپێی تێۆرەکەی فێرس وشەی (نان خواردن) واتایەکی نیشانەی وەردەگرێت ، نان خواردن دەبێتە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی ئەو کچە چۆن ماڵ بەڕێوە دەبات لە داهاتوودا ، واتە دەبێتە پێوەری دیاریکردنی (وزە و چالاکی و باشی) کچەکە بۆ هەڵبژاردنی بۆ هاوسەرگیری ، ئەم واتایە پەیوەستە بەکۆمەڵگەی کوردی ،چونکە لەو سەردەمەدا لە ناو کۆمەڵگا وا باو بووە باوەڕیان وابووە ، کە کەسەکان چۆن مامەڵە ڵەگەڵ (ژەمێکی خواردندا) بکات ، ئاواش مامەڵە لەگەڵ ئەرکەکانی دەکات ، هەر بۆیە ئەمەش پشتگیریە بۆ بۆچوونەکانی فێرس کە دەڵێت : زمان لە ناو کۆمەڵگا دەژێت و ئەرکی وشەکان لە ناو دۆخێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا ڕووندەبێتەوە و دیاری دەکرێت (Langendoen , 1972 , 422) زمان لە ناو کۆمەڵگادا دەژێت ، بەگۆڕانی کۆمەڵگا زمانیش دەگۆڕێت ئەم دەقە بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە ئێستە ئەم دەقە بەکارنایات ، هەر کەسێک لە ناو کۆمەڵگای کوردی نەژێت لەوە تێناگات کە مەبەستیان لە (خواردن) نییە ، بەڵکو مەبەستیان لەوەیە کەسەکە کات بە هیچ نەکوژێت . زمان تەنها پرۆسەیەکی دەرپرینی دەنگەکان و وشەکان و ڕستەکان نییە بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە بۆ گەیاندنی پەیام بەکەسانی تر لە ڕێگەی (قسەکەر) بۆ (گوێگر) و زمانی هاوبەش لەنێوانیان هەبێت ( عبدالقادر شرشار ،٢٠٠٢ ، ٢٠ ) ئەو کۆنتێکستەی کە قسەکەی تێدا دەکرێت ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە چۆنییەتی دروستکردنی ئاخاوتنەکە ، چونکە سەرەتا دەبێت قسەکەر سەیری ئەوە کۆنتێکستە بکات کە قسەی تێدادەکات و قسە بۆ کێ دەکات یان کێ گوێی لەم قسانە دەگرێت ؟ ئەو شۆێنەی کە قسەکەی تێدەکات کوێیە ؟ ئەو کاتەی کە قسەکەی تێدەکات کەییە ؟ سێ قۆناغە کە وتار دەق و ئاخاوتن تێدا دروست دەکرێت کە دەبێت لەبەر چاو بگیرێت ئەوانیش :

١.درکپێکردنی ئەو کۆنتێکستە (بارودۆخەی ) کە پەیوەندییەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت بەهەموو ڕەهەندە کاریگەرەکانییەوە ، چونکە وشەکان لە کۆنتێکست و بارودۆخە جیاوازەکان واتایان دەگۆڕێت .
٢.ستراتیژیای هەڵبژاردنی ،لە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە بۆ بارودۆخەکە گونجاوە و دیاری کردنی پەیوەندی نێوان بارودۆخەکە و ئەو وشانەی دەبێت بەکاربێت.
٣.دەربڕین بەئاگایەوە ، بەکارهێنانی هێز وئاوازی دەربڕینەکان بەشێوەیەکی گونجاو چونکە کاریگەریان لە سەر گۆڕانی واتا و دیاری کردنی واتا ( عبدالهادی بن ظاهر الشهري ، ٢٠٠٤ ، ٦٣)
هەموو ئەم خاڵانە کاریگەریان هەیە لە سەر بەکارهێنانی زمان و دیاری کردنی ( واتایی مەبەس )  ئەوەی کە قسەکەر مەبەستێتی بەگوێگر بگەیەنێت ، هەر بۆیە وشە و زمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی کۆمەڵ و مرۆڤن ( نەسرین فەخری ، ٥٣ ) مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵگاکەی خۆی زمان بەکاردێنێت بۆ دیاری کردنی واتایی دەقێکیش دەبێت لە  چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگا وکولتوورە تێگەیشتبێت.

### ٣,١,٢ واتا لەپەند و تەنزدا:

واتا چییە؟ کە دەڵێین واتا چییە ئێمە ڕاستەوخۆ پشت بە بۆچوونەکانی فێرس دەبەستین ، واتاش لای فێرس جێگیر نییە ، بەڵکو بە بەردەوام لە گۆڕاندایە بەپێی ئەو بارودۆخ و کۆنتێکستەی کەلێی دەردەکەوێت ، پەندی پێشینان چییە ؟ ئەی چی کاریگەریەک دەکات لەسەر واتا ؟ پەندی پێشینان لە زمانی کۆمەڵگایەک بۆ بارودۆخە جیاوازەکان وتراوە ، (شێخ مەحمودی خاڵ) لە پێناسە کردنی بۆ پەندی پێشینان دەڵێت : ( پەندی پێشینان بریتییە لە وتارێکی کورت ، ڕێک و پێک ، جوانی ، بەتامی تەوژمی کاریگەرە ، کە لە دوای تاقیکردنەوەیەکی دووروردرێژ دێت  (خێرالله دەحۆ عبدالله، ٢٠٢٥ ،٣١ ) واتە پەندی پێشینان دیاردەیەکی نەتەوەی و کولتوورییە  کە ئەم پەندانە دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری لەسەر تاکەکان ، پەندە پێشینانەکان هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەیە لە کاری ڕەوشت ( سیروان سەمین ئەحمەد ، ٢٠٢١ ، ٤٥٣ ) ڕەنگە ئەگەر کەسێک لە بارودۆخێکی دیاری کراو وشەیەک بەکاربهێنێت کاریگەریەکی وانەکات ، بەڵام هەمان وشە لە ناو پەندێک بەکاربێت ، پەندێکی چەند وشەیی بەڵام کاریگەرییەکی بەهێز دروست دەکات ، پەندەکان لە کتێبی (ڕشتەی مرواری) تەنها دەربڕینێکی جوان و ڕەوانبێژی نیین ، بەڵکو کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و کولتووریە ، چەند نموونەیەک لە کتێبی ڕشتەی مرواری دەهێنینەوە بۆ نموونە:
- ئامۆژگاریەکە وەک نەخشەی سەر ئاو وایە ( عەلائەدین سەجادی ،٢٠١٥، ٥٧ )
پەندێکی کوردەوارییە کە هەڵگری واتاییەکی کولتووری کوردییە واتاییەکی قوڵ بەدەستەوە دەدات ، وشەی(نەخشە) لەگەڵ وشەی (ئاو) هاورێتی ناکات ، بەڵام لەم پەندەدا پێکەوە دەرکەوتوونە واتاییەک بەدەستەوە دەدەن

، کە ئەو واتایە لە فەرهەنگدا نییە ، لە ڕووی لۆژیکیەوە مەنتقی نییە چونکە نەخشە لەسەر ئاو ناکێشرێت ، بەڵکو لەسەر تابلۆ یان کاغەز ، بەڵام ئەم ( لادانی واتاییە ) دەبێتە هۆی دروست کردنی واتایی ئەوەی هەر وەک چۆن نەخشە لەسەر ئاو ناکرێت و ئەستەمە جێگیر ناکرێت بەهەمان شێوە ئامۆژگاریەکان لەمێشکی بەرامبەر جێگیر نابێت ، وەک لە کوردەواری دەوترێت ( لەم گوێوە ڕۆشت لەو گوێوە دەرچوو) واتە هیچی وەرنەگرتووە تەنها دەنگەکان بەر گوێی (گوێگر ) کەوتووە ، ئەم پەندە تایبەتە بەزمانی کوردی واتە ( مۆدێلێکی کولتووریە ) لە کۆمەڵگای کوردی واتا بەدەستەوە دەدات ، بەڵام کاتێک بمانەوێت پەندێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە وەرگێڕین ئەو واتایەی کەهەیەتی لەدەست دەدات ، چونکە ئەمە تەنها کۆنتێکستە فیزیکی نییە ، بەڵکو کۆنتێکستێکی کولتوورییە ، نەبوونی گونجاوەکان (وشەکان) کە هەمان فەرمانی کۆمەڵایەتی و کولتووری بگێڕێت (Maalej, 2009 , 135) هەر پەندێک تایبەتە بەکولتوورێک . واتایی وشەکان تەنها پەیوەست نییە بە ڕیزکردن و کۆکردنەوەی دەنگەکان یاخود فۆنیمەکان و وشەکان ، بەڵکو پەیوەستە بەکۆمەڵگاکەیەوە (Geeraets ,2025 ,22) لەڕووی کۆنتێکستی زمانەوانیشەوە واتاکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، کە لە کۆنتێکستی زمانەوانی دەتوانیین سێری پەیوەندی نێوان وشەکان لەگەڵ یەکتردا بکەین ، فێرس پێشنیازی ئەوەی کردووە ، کە بەیەکەوەهاتنی وشەکان دەبێت لە ئاستێکی باڵادا سەیربکرێت ، لە ئاستی نزیک (کۆنتێکستی بارودۆخەوە) ، چونکە پێکەوە هاتنی وشەکان تەنها ڕێکەوتنی ڕێزمانی نییە ، بەڵکو پەیوەندی بە کۆمەڵگا وکولتووریەوە هەیە (Louw,2021 ,150 ) چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە ، نەک تەنها وەک ژمارە و ئامار سەیر وشە بکەین ( Brunila & Laviolette , 2022, 2 )

- کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە .( عەلائەدین سەجادی ، ٢٠١٥ ، ٤٩ )

ئەم پەندە ئەزموونی سەدان ساڵی مرۆڤایەتییە و بەتایبەتیش لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا ، ئەو وشانەی ناو ئەم پەندە بەکارهاتووە بۆ واتایی خۆی بەکارنەهاتووە ، چونکە وشەی (کاسە) تەنها لێرە (قاپێک) نییە بۆ (خواردن) ، بەڵکو بۆ واتاییەکی (خوازراو) بەکارهاتووە کە لایەنی ئابووری لەخۆ دەگرێت کە هاوڕێتی وشەی (پڕی) کردووە بەو واتایە هاتووە کەباری ئابووری باش (هەبوونی پارە) یەکسانە بە سەقامگیر بوونی خێزان ، ئەمەش نیشانەیە بۆ ڕۆشنبیری گەلی کورد کە چۆن لەڕێگەی کەرەستەی سادەکانی ناو ماڵ توانیویەتی واتاییەکی قووڵ بپێکێت ، لێرەشدا دەتوانین ئەمە بکەین بە بەڵگە بۆ هاوڕێتی نێوان وشەکان هەرچەندە وشەی (قاپ) هاوواتای وشەی (کاسەیە) بەڵام کاتێک وشەی (قاپ)مان گۆڕی بە وشەی (کاسە) واتاکەی ون دەبێت گوێگر یان خوێنەر توشی نامۆیی دەبێت ، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین : پەند دەبێت سەربەخۆ بێت و هیچ یەکەیەکی ڕێزمانی نەگۆڕدرێت تەنانەت بەهاوواتاکەشی (Dabaghi, et al ,2010,807) هەر بۆیە ئێمە ناتوانین بڵێین (قاپێکی پڕ ئاشتی ماڵە) یان

(كاسەیەک كەپڕ بێت ئاشتی ماڵە) نە دەتوانیین گۆڕانی وشەیی بکەی نە گۆڕانی ڕێزمانی ، دەبێت هەر بەو شێوەیە (كاسەی پڕ ، ئاشتی ماڵە) بوترێت ، ئەم قاڵبە جێگیرەی کە پەندەکان لە زمان وەری دەگرن وادەکات لەمێشکی تاک بمێنێتەوە وەک یاساییەکی کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ، پەندەکان لە هەر زمانێک بێت کاریگەری هەیە لەسەر (واتا) لایەنێکی گرینگە بۆ دەربڕینی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و کولتوور و ناساندی لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەک ، پەندی پێشینان کە ڕستەیەکی کورت کە هەڵگریی حیکمەت و ڕاستی و ڕەوشت و تێڕوانینە باوەکان لە خۆ دەگرێت ، واتاییەکی خوازراوی جێگیر کە تێیدا قسەکەر و گوێگر دەگەنە هەمان واتا (هەمان سەرچاوەی پێشوو) دەتوانیین کاریگەریەکانی پەندی پێشینان بکەینە چەند خاڵێک:

١.واتای خوازەیی جێگیر : پەندەکان تەنها ڕستەیەکی ئاسایی نیین ، بەڵکو وشەکانی فەرهەنگی زمانێک تێیدا بەکارهاتووە بۆ گەیاندنی واتاییەکی خوازراو کە لەفەرهەنگدا نییە .

٢.لەڕووی ڕۆشنبیریەوە : پاراستنی ناسنامە کولتووری ، چونکە ئەو واتایی بەدەستەوە دەدات تایبەتە بەکولتوورێک .

٣.لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە : پەندەکان وەک ڕێنمایی ئەخلاقی کاردەکەن یارمەتی تاک دەدەن لە ناو کۆمەڵگا ئەو وشانە هەڵبژێرن کە گونجاوە (Kashif, et al,2025,1175)

ئەم خاڵانە چی پەیوەندیەکیان بە تیۆری فێرس هەیە ؟ چۆن سوودیان بۆمان هەیە ؟

بەدڵنیایەوە چونکە فێرس بنەمای داناوە بۆ دیاری کردنی واتا لەوانە :

١.واتایی کۆنتێکستی .

٢.واتایی کۆنتێکستی (کولتووری و کۆمەڵایەتی ، دەروونی) بارودۆخ .

٣. هاوڕێتی نیوان وشەکان .

فێرس دەڵێت : واتایی تەواوی وشە خوێندنەوە بۆ ناکرێت بێ کۆنتێکست (Firth,1935,37) ئەو وشانەی کە بەکاردێن هەڵگری واتایی فەرهەنگین ، بەڵام کاتێک لە ناو پەند بەکاردێن هەڵگری (واتایی کۆنتێکستین) هەروەها هەڵگری (واتاییەکی کۆمەڵایەتین) لەسەرەتادا ئاماژەمان پێیدا زمان دیاردەیکی کۆمەڵایەتیە فێرس پێی وایە تاکەکان ڕۆڵ دەگێڕن ئەو وشانە دەڵێین کە بەرامبەر چاوەڕێی دەکات واتاش وەک فەرمانێکی کۆمەڵاییەتی لێدێت ، بۆیە ئەمە پشتگرییە بۆ خاڵی سێیەم پەندەکان لە لایەن تاکەکان بەکاردێت بۆ گەیاندنی واتایی مەبەست بەدەربڕینێکی جوان ، فێرس دەڵێت : واتایی وشەکان بریتییە لە کارایی پراکتیکی ، واتە وشەکان کاتێک واتایان دەبێت کە کارێک ڕاپەڕێنن (هەمان سەرچاوە ، ٦٨) پەندەکانی هەر زمانێک باشترین نموونەن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی ئەخلاقی و کولتووری پەروەردەی ، هەروەها پەندەکان هەڵگری واتایی کۆنتێکستی کولتووریین و دەبێتە میراتێکی کولتووری هەر بۆیە فێرس دەڵێت : ئێمە لە ناو میراتێکی کولتووریی گەورەدا لە دایک دەبیین و فێری زمان دەبین لە ناو

چالاكییە ڕۆژانەكاندا ( هەمان سەرچاوە، ٦٧ ) پەند لای (فێرس) ئەو كۆد و فۆرمە جێگیرانەن كە میراتە كولتوورییەكە دەگوازێتەوە ، هەروەها لە كتێبی (ڕشتەی مرواری) (مامۆستا سەجادی) بەجۆرێک وشەكانی بەكارهێناوە ، لە سەر شێوازی (تەنز و گاڵتە) بۆ گەیاندنی پەیامێكی توند یاخود ڕەخنەیەک یان بۆ هەر مەبەستێک كە لە كاتی وەرگرتن وشیكردنەوەی نموونەكان بۆمان ڕووندەبێتەوە ، تەنز : بریتییە لە قسەی خۆش وبەتام وچێژ بەدرێژایی مێژوو لە نێوان هەموو نەتەوەكاندا كەم و زۆر كەڵكی لێ وەرگیراوە و لە نێوان نەتەوەی كورد بەهەمان شێوە ( سەید یاسین قورەیشی ، كوردپیدیا ) واتە بەدرێژایی مێژوو قسەی گاڵتە و خۆش لە زمان هەبووە كەڵكی لێ وەرگرتراوە بۆ گەیاندنی پەیام بەڵام ئایا ئەم پەیامە هەڵگری چی واتایەكە ؟ هەر بۆ گاڵتەكردنە ؟ یان بۆ ڕەخنە ؟ یان بۆ سەرزەنشتە ؟ ئەوەش بەپێی ئەو بارودۆخ وكۆنتێكستەی كە قسەكەی تێیدا دەكرێت ، هەر بۆیە ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە دەبێت ئەوە بزانین قسەكەر كێیە ؟ پێگەی كۆمەڵایەتی ئەو كەسە لەچی ئاستێكە كە گاڵتە دەكات ؟ كردارە زمانەوانی و نا زمانییەكان چییە ؟ ئایا ئەو وشانەی لەم قسەكردنە (گفتوگۆیە) بەكارهێنراوە بۆ چی ئامانجێک بەكارهاتووە كاریگەیەكەی چییە ؟ لە كتێبی (ڕشتەی مرواری) پڕێكی زۆر لە كارەكتەر لەخۆ دەگرێت كە ئاستی كۆمەڵایەتییان لەیەک جیاوازە وەک (مەلا ، پاشا ، كرێكار ...) بەپێی بۆچوونەكانی فێرس بۆ لێكدانەوەی واتا پێویستە ئاستی كۆمەڵایەتی قسەكەر و گوێگر بزانین بۆ ئەوەی لە واتایی دەربڕاوەكان تێبگەین ، بەتایبەتی بۆ تەنز چونكە تەنز تەنها وشە نییە ، بەڵكو میكانیزمێكی واتایی هەیە بەپێی ئەو دەوروبەرەی كە تێیدا دەردەكەون واتا بەدەستەوە دەدەن (Attardo,2024,8) ئەو وشانەی كە بۆگاڵتە و گەپ لە (ڕشتەی مرواری) بەكارهاتووە بەپێی كۆنتێكستە زمانەوانی و دۆخەی كەتێیدا بەكاردێت واتایەک بەدەستەوە دەدات بۆ نموونە :

_شێخ رەزا لە دیوەخانی وەسمان پاشادا دائەنیشێ و پێكەوە نان ئەخۆن . كوتوپڕ موویەكی لە ناو چێشتەكەدا بەر دەست ئەكەوێ و روو ئەكاتە وەسمان پاشا ئەڵێ : ( پاشا ، ئێوە كە بزنەكانتان ئەبڕنەوە مووەكانیان چی لێ ئەكەن ؟) پاشا تێئەگا كە چ باسە ، ئەڵێ (یا شێخ ئەیكەین وە هۆڕ و وە گوریس و بە چێشتیشەوە ئەیخۆین) . شێخ رەزا ئەڵێ : بەخوا پاشا تڕت پڕێم. (عەلائەدین سەجادی ، ٢٠١٥ ، ٤٥٠ )

سەرەتا كەسایەتییەكانی ناو ئەم دەقە دیاری دەكەین گفتووگۆی ناو ئەم دەقە لەنێوان دوو كەسایەتییە واتە دوو بەشداربوومان هەیە (شێخ ڕەزا) شاعیرێكی بەناوبانگی تەنزە كە دەستێكی باڵای هەیە لە زمانی زبر و ڕەخنە گرێكی بە توانا بووە ، كەسایەتی (وەسمان پاشای جاف) (پیاوێكی بەدەسەڵات و خاوەن دیوەخان و سەرۆک هۆز) كەرەستەی بەشداربوو (موو، چێشت ، بزن ، هۆڕ، گوریس) لێرەدا( شێخ ڕەزا) پەنا دەباتە بەر شێوازێكی بەكارهێنانی زمان ، كە فێرس گرینگی پێدەدات ئەویش بەكارهێنانی وشەكانە بۆ مەبەستێكی تر لێرەدا (شێخ ڕەزا)

لەڕێگەی وشەکانی (بزنەکانتان ئەپرنەوە مووەکانیان چی لێ ئەکەن) ڕەخنە و تەنز لە خاوەن ماڵ دەگرێت بەشێوازێکی گاڵتەجاڕی ، بەڵام لەبەر ئەوەی پلەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر لەئاستێکی بەرزدایە لە جیاتی ئەوەی (شێخ ڕەزا) ڕەخنەکەی بەڕاستەوخۆ بڵێت (چێشتەکەتان پیسە) بەشێوەیەکی زیرەکانە وشەکانی بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی ئەو واتایە ، لەبەر ئەوەی ماڵ ماڵی پاشایە وا چاوەڕوان دەکرێت کە هەموو شت ناياب بێت ، بەڵام لێرەدا بەپێچەوانەوە خواردنەکەیان مووی تێدا بووە ، لەبەر پلەی کۆمەڵایەتی ڕەخنەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام نەدراوە ، لە کۆنتێکستی ئاساییدا : (موو+ بزن + گوریس) پێکەوە دێن ، بەڵام لە کۆنتێکستی تەنز و ڕەخنەیە (موو+چێشت + پاشا) پێکەوە هاتوون ، بەڵام لە دەقەکە ڕوونە کە (پاشا) کەسێکی زیرەک بووە بە شێوازێکی گاڵتەجاڕانەش وەڵامی (شێخ ڕەزای) داوە لێرەدا وشەکانی (تڕت پێ پرین) واتایی قسەت پێنەهێشم کە بەشێوەی تەنز وتراوە هەروەها تاڕادەیەک وشەیەکی تابۆییە ، بۆلێکدانەوەی واتایی ئەم دەقە ئەگەر بەرامبەر (شێخ ڕەزای) نەناسیایە و نەیزانیایە کەسێکی ڕەخنەگرە ئەوە نەی دەتوانی بەو شێوازە وەڵامی بداتەوە ، (شێخ ڕەزا) ئەگەر لە بەرامبەر (پاشا) نەبوایە ئەوە بەوشێوازە وشەکانی بەکارنەدەهێنا واتە بەکارهێنانی وشەکان ڕەنگدانەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکانە واتاش لە ناو کۆمەڵگا و کولتوور و کۆنتێکسدایە ، ئەمەش وادەکات بڵێین ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان (زمان) و (مرۆڤایەتی) وامان لێدەکات جەخت لەوە بکەینەوە کە مرۆڤایەتی واتە زمان (هادی نهری ، ١٩٨٨، ١٩) مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوە هەست و بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت ژیانی ڕۆژانەی ڕادەپەڕێنێت ،" بۆیە دەکرێت زمان بەئاوێنەی ڕەنگدانەوەی تێکڕای فەلسەفەی ژیان وپلەی شارستانی و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگایەک دابنرێت ، لەبەر ئەم هۆکارەشە زمان دەکرێتە بنەمایەک بۆ لێکجیاکردنەوەی قۆناغەکانی مێژووی شارستانیەتی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان (کۆمەڵگەی کوشتوکاڵی و بازرگانی ، پشەسازی) کەڵک لە زمان وەردەگیرێت"(محەمەد حوسێن ئەحمەد ، ٢٠١٦ ،٣) لە کتێبی (ڕشتەی مرواری) چونکە لەزاری تاکەکانی کۆمەڵگاوە وەرگیراوە درک بە زمانێکی کۆمەڵایەتی دەکرێت ، کە تاک لە ڕۆژانە بەکاریدێنن ، لە سەرەتای بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا (مامۆستا سەجادی) ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە بۆچی هەموو ئەو وشانەی بەکارهێناوە ، کە تەماشای کردووە هەر میللەتێک هەموو وشەکانی خۆیان دەنوسنەوە (بەباش و بەخراپ) بۆیە (مامۆستا سەجادی)ش بۆ پاراستنی زمانەکەی ئەم شاکارە مەزنەی داناوە (عەلائەدین سەجادی ، ٢٠١٥ ، ٢١ ) هەر بۆیە لەم کتێبە تەواوی وشەی (باش و خراپ) دەبینرێت بۆ پاراستنی زمانەکە ، وشەی جنێو زۆر دەکەوێتە بەرچاو لە کتێبی ڕشتەی مرواری ، جنێودان چیە ؟ پێناسەکەی بریتییە لە" دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی ، زۆرێک لە مرۆڤەکان بەپێی شوێن و دابوونەریتی تاکەکان وجیاوازی کولتووری لە ژیانی ڕۆژانەدا پەنای بۆ دەبەن " (پێشکەوت مەجید محەمەد ، ٢٠٢٤ ،٦ )



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەکارهێنانی جنێو لە کۆمەڵگەی کوردی زۆرجار بۆ سەرزەنشت کردن نییە ، بەڵکو بەپێی ئەوە بارودۆخەی کە قسەکەی تێدا دەکرێت قسەکەر کییە ؟ گوێگر کیە ؟ پەیوەندی نێوانیان چییە ؟ بەو واتاییەی بەکارهێنانی ئەو وشانە دەگۆڕێت بەپێی بەژشداربووان لە نێوان دوو هاورێ بۆ گاڵتەکردنە ، لە نێوان وەستا و شاگرد بۆ سەرزەنشت کردنە دەکرێت بە بەپێچەوانەوەش بێت ئەو بارودۆخەی کە قسەکەی تێدادەکرێت پریار دەدات بۆچی واتاییەک بەکارهاتووە ، بۆ نموونە لەکتێبی ڕشتەی مرواری جنێوی ( هیچ و پووچ ) هاتووە ، کە بۆ دوو واتا بەکاردێت :

یەکەمیان / بۆ کەسێک : کەسێکی بێ کەڵک ، بێ ئاکار ، یان کەسێک کە قسەی بێ بنەما دەکات.

دووەم/ بۆ شتێک یان بابەتێک : شتێکی بێ نرخ وبێ بایەخ ، بابەتێکی بێ نرخ .

وشەی (هیچ و پووچ) لە ناو ئەم دەقە بۆ واتایی دووەم بەکارهاتووە .

دەقەکە :

هاورێکەی پێکەنی وتی ئەزانم چاوت بەدەفتەرەکەی باخەڵم کەوتووە ، لەوە دڵگران بووی. گیانەکەم! ئەو دەفتەرە بۆ ئەوە نەگیراوە کە – خوانەخواستە – داوات لێ بکەم ؛ بۆیە گرتوومە ئەگەر رۆژێک لە سەر شتێکی هیچ و پووچ دڵم پرەنجێ ، تەماشای دەفتەرەکە بکەم و بڵێم هەی های من ئەوەندە پارەم لەم دۆستەی خۆما خەرج کردووە، ئێستە لەسەر ئیشێکی وەها واز لەم هەموو برایەتیە بێنم . مەبەستەکە ئەوەیە نەوەک پارەکە . ئیتر هاورێکەی ئەمەی بیست دڵی چاک بووەوەو دۆستایەتیان زیاتر بوەوە . (عەلائەدین سەجادی ، ٢٠١٥، ٢٥٣ )

وشەی (هیچ وپوچ ) بۆ واتای دووەم بەکارهاتووە واتا هەر شتێک ڕووبدات ، لە هاورێتی ئەوان گرینگتر نییە هەموو ئەو شتانە بێ نرخن .

لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار نووسراوە ( هەتیوو: یەتیم ،نێ باب ، بێ باوک ) (هەژار موکریانی ١٣٦٩ ، ٩٦٤ )

لەفەرهەنگی خاڵی (شێخ مەحەمەدی خاڵ) بەهەمان شێوە جەخت لەسەر" منداڵێ باوکی مردوو" دەکاتەوە .(شێخ مەحەمەدی خاڵ ،٢٠٠٥، ٥٠٦ )

وشەی(هەتیوو) لە هەردوو (فەرهەنگی خاڵ) و (هەنبانە بۆرینە) دا واتایی سەرەکی وشەکەیان دیاریکردووە بریتییە لە منداڵێکی بێ باوک واتە بە منداڵێک دەوترێت هەتیوو کە باوکی مردبێت لە زمانی عەرەبی پێی دەوترێت (یتیم) . لە کولتووری کوردی منداڵێک دایکی بمردبێت پێی دەوترێت بێ دایک یان (هەوێردە)، بەڵام وشەی (هەتیوو) بۆ بێ باوک تەرخان کراوە . لەڕووی واتای کۆمەڵایەتیی وبازاڕیەوە ، تاکەکان لەژیانی ڕۆژانە و قسەکردنی ئاسای بەکاریدەهێنن ، بەڵام بۆ واتاییەکی تر بەکاریدەهێنن کە لە واتا بنچینەییەکەی خۆی دەرچووە ، کە بۆ جنێودان یان سووکایەتی کردن بەکەسێک دەوترێت هەتیوو کە بێ ئەدەب و بێڕەوشت

بێت ، لە نێوان هاوڕێکانیش بۆ سوعبەت کردن لە نێوان یەکتردا بەکاریدەهێنن .
-فایەق بێ کەس گێڕایەوە وتی : مەکتەبێ لە (تەوێڵە) هەبوو ، بەمنداڵانمان ئەخوێند . ڕۆژێک دوو مناڵ بوو بە شەڕیان . یەکێکیان هاتە لای مودیرەکە شکاتی کرد وتی : ئەفەنی ئەو کورە، گازی گرتووە لە گوێچکەم . منداڵەکەش وتی : (ئەفەنی بەخوا من گازم لێ نەگرتووە خۆی گازی لێ گرتووە ئەفەنیش وتی : هەتیووە زۆڵە ، وسبە قسەیەک بکە بچێتە ئەقڵەوە بۆچی مانگایە خۆی گاز لە گوێچکەی خۆی بگرێ ؟) (عەلائەدین سەجادی ، ٢٠١٥ ، ١٥٦ )
لێرەدا وشەی (هەتیوو ) بۆ بێ ئەدەب و درۆزن بەکارهاتووە.
لە ڕشتەی مرواری وشەکان بە شێوەیەک بەکارهاتووە کە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لە دەقەکاندا دروست بووە واتا بەدەستەوە دەدەن ، وشانەی کە تەنزن بەپێی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت ، بۆ نموونە :
- فەقیەشێتە هەبوو لە ناو جافدا ، ڕۆژێک ئەچێتە لای مەحموو پاشا . پاشا لێی ئەپرسی : (ها فەقیە شێتە ئێستە چی ئەکەی ؟) ئەویش ئەڵێ : (وەڵڵا پاشا ! سەگ بە توولە ئەکەم ) پاشاش ئەڵێ فەقیە شێتە سەگ بەتوولە چییە ؟ ئەڵێ : (پاشا ! ماناى چی ، ماناى چی ؟ یانی لە تۆی ئەسێنم و ئەیدەم بەو ) پاشا دەست ئەکا بە پێکەنین . (عەلائەدین سەجادی ، ٢٠١٥، ١٦٩)
لە دەقەدا ئەو وشانەی کە تێیدا ڕیزکراوە هەموویان پێکەوە بارودۆخێکیان دروستکردووە ، کە ئەم بارودۆخە لەنێوان (فەقیە شێتە) و (موحموو پاشا) دروستبووە ناوی (فەقیە شێتە) تەنها ناوێک نییە ، بەڵکو (مامۆستا سەجادی) گێڕانەوەیەکی کۆمیدی کردۆتە بەری و واتاییەکی قوڵ نیشان دەدات و دانی ئاستی کۆمەڵایەتییە ، چونکە (فەقیە شێت) نەبووە بەڵکو زۆر زیرەک و لێهاتووانە قسەی کردووە کە بەشێوەیەکی تەنز ئامێز ڕەخنە و جنێو لە (پاشا) دەگرێت ، ئەویش کاتێک پاشا لێ دەپرسێت خەریک چیت (فەقیەش) لە وەڵامدا دەڵێت (سەگ بە توولە) پاشا تێدەگات کە پێیوتووە (سەگ) بەڵام زیرەکی و لێهاتووی و بەکارهێنانی وشەکان لە لایەن فەقیەوە لەشێوازی ڕێکخستنی (ڕێزمانی و واتایی) لە وەڵام دانەوەی پرسیارێک کە (پاشا) خۆی کردوویەتی وایکردوە سەرەڕای ئەوەش (پاشا) توڕي نەبێت ، هەروەها کاتێک (پاشا) دەپرسێت ماناى چییە ؟ لە ڕووی زمانەوانییەوە فەقێ وشەی (مانا ) دەگۆڕێت بۆ سەروا و ڕیتم لە ڕێگەی دووبارە کردنەوە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە دروست بووە ئەگەر کەسێکی ئاسایی ئەم قسەی بە(پاشا) بوتایە ڕەنگە ڕاستەوخۆ سزای بدایە ، بەڵام لەبەر ئەو دۆخەی کە دروست بووە مەجلیسی تەنزە واتایی کۆنتێکستی بوە هۆی گۆڕینی واتایی بێڕێزی بۆ واتایی نوکتە و گاڵتە ، لە کۆتایی دەقەکەدا هاتووە پاشا دەست ئەکا بە پێکەنین لە شیکاری کۆنتێکستیدا پێکەنینی پاشا (مۆرکردنی واتاکە)یە ، ئەگەر (پاشا) تووڕە بوایە واتاکە دەبوو بە جنێودان ، بەڵام پێکەنینی واتاکەی گۆڕی بۆ نوکتە ، بەواتاییەکی

تر (فەقیە شێتە) دەسەڵاتی زمانەوانی بەکارهێناوە بەشێوەیەکی گاڵتەی ڕەخنەی لە (پاشا) گرتووە ، بۆیە ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی فێرس یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت (واتا) لە کەسایەتی قسەکەر وگوێگر جیا نابێتەوە (Firth, 1957,37) بەو واتایەی لە ڕێگەی ئەو وشانەی لەم دەقەدا بەکارهاتوون (شێتی ، سەگ بەتوولە) واتاییەکی کاریگەر بەدەست هاتووە ڕەخنە گرتن لە پاشا و شکاندنی شکۆی بەڵام لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەیەکی تەنز وگاڵتە بووە کاردانەوەی خراپی بەدواوە نەهاتووە ، بۆ نموونە :

- عەلی بەگی ڕیشین و مەلا حسەینی کوری مەلاقادری بیارە لە هەڵەبجە لە دیواخانێکا دائەنیشن و کۆڕ گەرم ئەبێ . مەلا حسەین ئەڵێ : (بەیەنێکی تر وای لێ دێ ئەگەر باسی سمێڵ بکرێ خەڵکی ئەڵێن ها-ها سمێڵ ئەوە بوو کە بە سەر لێوی عەلی بەگی ریشینەوە بوو، ئەتوت باوەشە بەلمە ) عەلی بەگیش ئەڵێ (بەینێکی تر وای لێ دێ کە باسی فێڵبازی و چەتوونی بکرێ ئەڵێن :ها ئەمانە ئەوە بوون کە مەلا حسەینی کوری مەلا قادری بیارەوە بون ) (عەلائەدین سەجادی ،٢٠١٥، ١٤٠)

لێرەدا وشەی (سمێل) وەردەگرین ئایا بۆچی واتاییەک بەکارهاتووە بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی پشت بەو چوارچێوەی دۆخە دەبەستین کە (فێرس) داپڕشتووە لە سەرەتادا دەبێت ئاماژە بە بەشداربووانی ناو ئەم دەقە بدەین (کەسایەتی عەلی بەگی ڕیشن کە کەسایەتییەکی دیاری کۆمەڵگای ئەو سەردەمە بووە خاوەن دەسەڵات بووە ، کەسایەتی (مەلا حسێن) کە پیاوێکی ئاینی و قسە خۆش بووە ئەو شوێن و کاتەی کە ئەم دوو کەسایەتییە تێدا قسەیان کردووە لە (دیوەخانێک لە هەڵەبجە کە شوێنی کۆبوونەوەی پیاو ماقووڵان بووە کە تێیدا گفتووگۆی کۆمەڵایەتی تێدا دەکرا) مەبەست لە بەکارهێنانی وشەکان لەم دەقەدا ئاشکرا کردنی کەسایەتی یەکترە لەڕێگەی تەنز و گاڵتە کردن ، لەفەرهەنگدا وشەی (سمێڵ) بو پیاو بەکاردێت خوای گەورە کردوویەتی زینە (جوانی) بۆ پیاوان ، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردی (سمێڵ) پێگەی پیاوەتی هەیە لە هەندێ کاتدا (سوێند) بەسمێڵ دەخورێت ، بەڵام لەم دەقەدا وشەی سمێڵ بەپێی تیۆرەکەی (فێرس) و ئەو چوارچێوەی کە لێی دەرکەوتووە هەڵگری واتاییەکی ترە ، کە بۆ شکانەوەیەکی دۆستانە بەکارهاتووە وەک ئامرازێکی (تەنز) بەکارهاتووە ، وشەکان لەڕێگەی هاورێتی و بەکارهێنانیان واتا بەدەستەوە دەدەن وشەی (سمێڵ) لەگەڵ (عەلی بەگ) و (باوەشە بەلمە) واتایی باوی کولتووری سمێڵ کە (هێمای پیاوەتی)یە دەگۆڕێت بۆ هێمایەکی کۆمیدیی ، ئەمەش لەبەر ئەوەی (مەلا حسێن) لە جیاتی ئەوەی وشەی (سمێل) لەگەڵ وشەکانی (جوان و ڕێک و پیاوانە) بەکاربهێنێت ، لەگەڵ وشەکانی (باوەشە بەلمە) واتاکەی لە ڕێزەوە گۆڕیوە بۆ کۆمیدیا ، کاردانەوە و وەڵامی (عەلی بەگ) بەڵگەیە بۆ ئەوەی (سمێل) کە پێناسەی کەسایەتی کردووە ، هەر بۆیە (علی بەگ) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیفەتی فێڵباز و چەتوونی کردە پێناسەی کەسایەتی (مەلا

حسێن). هەر بۆیە وشەی (سمێل) بۆ واتایی فەرهەنگی خۆی بەکارنەهاتووە ، بەڵکو لەڕێگەی وشەیەکی ئاساییەوە بەدەمی تەنز وگاڵتەوە ناسنامەی عەلی بەگ دیاری کراوە ، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بۆچوونەی فێرس کە دەڵێت واتایی وشەکان لەڕێگەی ئەو ڕۆڵەوە وەردەگرن کە لە دۆخێکی دیاری کراودا پێیاندەدرێت(Firth,1957,36) ئەم نموونانە و لێکدانەوانە لەگەڵ بۆ چوونەکانی فێرس یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت : بۆلێکدانەوەی واتایی دەقەکان و ئاخاوتنەکان دەبێت گرنگی بەم لایەنانە بدەین :

١.جەختکردنەوە لەسەر ڕووداوی ئاخاوتنی نەک تەنها سیستەمی زمان .
٢.زمان وەک شێوازێکی ژیانی مرۆیی .
٣. پەیوەندی نێوان سیستەم (ڕێزمان) و بەکارهێنانن .(Love,1986,33)

*ئەمەش بۆ هۆکاری باری دارای وسروشتی کارکردن ڕەنگە وشەیەک لە چینێک واتاییەکی هەبێت بەڵام لە چینێکی تر واتایەی تر بۆ نموونە بلۆک کە لە کۆمەڵگایەی کە پری پارەی زۆریان نەبێت تەنها بەواتایی بلۆکی خانوو درووست کردن ، یان بلۆک کردنی ئەلکترۆنی تێدەگات بەپێی ئەو کۆنتێکستەی کەتێیدا دەردەکەوێت و ئەو کەسانەی بەکاریدەهێنن ئەگەر دەوڵەمەندێک بەکاریبهێنێت واتە پرە پارەیەکی یەکجار زۆر...

## ئەنجام:

١.ئەو کۆمەڵگایەی کە کۆمەڵێک کەس تێیدا دەژێت و زمانی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەک چینێکی دیاری کراو و یەک ڕەگەز لەم کۆمەڵگاییە ناژێت ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی شێوازی بەکارهێنانی وشەکان جیاواز بێت و زمانی جیاوازیان هەبێت ، ئەمەش وای کردووە کە (فێرس) ئەو بنەمایە(بەشداربووان ، کەرەستەی بەشداربوو ، کات وشوێن ، کاریگەری) بۆ لێکدانەوەی واتا دابنێت.

٢.قسەکەران پەیوەستن بە و کۆنتێکست و بارودۆخەی کە قسەی تێدا دەکەن ، ڕۆڵ دەگێرن بۆ بەدەست هێنانی قبووڵ کردنی کۆمەڵایەتی ، بۆیە ئەو بنەمایانەی کە (فێرس) دایناوە بۆ لێکدانەوەی واتا لایەنێکی (ئەپستراکت)ە لە مێشکی تاک ، وادەکات واتایی (وشە)یەک بەپێی ئەو دۆخەی کە تێیدا دەرکەوتووە لە واتاکەی تێبگات .

٣.ئەو چیرۆکانەی کە لە کتێبی (ڕشتەی مرواری)دا هاتووە و لەم لێکۆڵینەوەیە وەک نموونە وەرمان گرتووە ، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە قسەکەر بەپێی پێگەی خۆی قسە دەکات و پێگەکەی واتای دروست و مەبەست دیاری دەکات .

٤.لە پەند و تەنزدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە وشەکان بۆ واتایی فەرهەنگی خۆیان بەکار نایەن بەڵکو بۆ واتایی کۆنتێکستی .

٥. لە کۆتایشدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە (بارودۆخ و کۆنتێکست کاریگەری لەسەر واتا هەیە ، هەروەها هۆکاری گۆڕانی بەردەوامی واتایی وشەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە .

## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی :



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

-پێشکەوت مەجید محەمەد (٢٠٢٤) زمان وەکو ئامرازێکی کاریگەری توندوتیژی زارەکی و تاوانە زمانییەکان (جنێو و هەڕەشەکردن بەنموونە ) ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان .
-خێرالله دەحۆ عبدالله (٢٠٢٥) ڕەهەندی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەندی پێشینانی کوردیدا بەنموونە (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ.
-دڵان عثمان عبدالكريم (٢٠١٤) تیم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٠)ز ، نامەی ماستەر ،سکۆڵی زمان ، زانکۆی سلێمانی .
-سنور قادر فەرەج (٢٠٢١) تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)ی شێرزاد حەسەن دا ، نامەی ماستەر ، سکۆڵی زمان ، زانکۆی سلێمانی .
-سەید یاسین قورەیشی (٢٠٢٣) تەنز لە ئەدەبی کوردیدا ، کوردپیدیا ، ئۆنلاین بەردەستە لە https://www.kurdipedia.org/default.as.
-سیروان سمین احمد (٢٠٢١) تابۆ لە پەندی پشینان دا ، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک / للدراسات الإنسانية ، العدد١٦.
-شێرکۆ حەمە حەمین قادر (٢٠٠٩) شیکارکردنێکی گوتاریی هەواڵ ، بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، چاپخانەی ڕەنج ،سلێمانی .
-شێخ مەحەمەدی خاڵ (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.
-عەلائەدین سەجادی (٢٠١٥) ڕشتەی مرواری ، پەخشانگای ئامیار ، سنە .
-عەدنان ئەحمەد مستفا (٢٠٢٢) ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ .
-حەمە سەعید حەسەن (٢٠٠٥) هیزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا ، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی زنجیرەی ڕۆشنبیری ئاراس ، هەولێر .
-محەمەد حوسێن ئەحمەد (٢٠١٦) ململانێی زارەکان (زاری ناوەڕاست و ژوورو ) وەک نموونە، نامەی ماستەر ، زانکۆی گەرمیان .
-نەسرین فەخری ، (دیارنییە) پەرەسەندنی مێژوویی واتایی وشە و دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زمان .
-و. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠٢١) زمانەوانی کۆمەڵایەتی، ن . محەمەد حەسەن عەبدولعەزیز ، چاپخانەی هێڤی .
-هەژار موکریانی (١٣٦٩) فەرهەنگی کوردی-کوردی-فارسی هەنبانە بۆرینە ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سروش ، تاران.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

-محمد محمد يونس علي (٢٠٠٤) مدخل إلى اللسانيات، الطبعةالأولى ، دار الكتاب الجديد ،المتحدة بنخازى – ليبيا.
-عبدالهادي بن طاهر الشهري (٢٠٠٤) استراتيجيات الخطاب : مقاربة لغوية تداولية ، الطبعة الأولى دار الكتاب الجديد المتحدة ، بيروت.

-عبدلقادر شرشار (٢٠٠٢) أهمية اللغة و وظائفها في عمليات التواصل : قراءة في كتاب ، مدخل إلى التحليل اللساني : اللفظ – الدلالة -السياق ، مجلة إنسانيات عدد ١٨ .
-هادى نهري (١٩٨٨) علم اللغه الاجتماعي عند العرب ، الطبعة الآول ، الجامعة المستنصرية.

**سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی :**

-Attardo, S.(2024) Linguistic theories of humor Berlin: De Grugter Mouton.
-Brunila, M. , and Laviolette, J. (2022) What company do words keep? Revisiting the distributional semantics of J.R. Fithe & Zellig Harris ; in proceedings of the Computational Humanities Research Conference.
-Dabaghi , A. , pishbin, E. , and Niknasab, L. (2010) Proverbs from the viewpoint of translation ; Journal of Language Teaching and Research , 1(6) ,pp.200-250.
-Dempsey,N. Bramley , G. power S. and Brown , C . (2009) The socia dimension of sustainable development: defining urban social sustainability; Sustainable Development, 19 (5), pp. 289-300.
-Firth .J.R (1957) papers in linguistics 1934-1951 London : oxford university press .
-Firth .J.R (1935) the Technique of semantics , teansactions of the philological society ,34 (1) pp.36-73 .
-Geeraets, D.(2025) Harris, Firth and distributional semantics; Lege artis . Language yesterday Today , Tomorrow 10 (1) ,p21.
-Halliday . M.A.K (1978) Language as social semantic: the social interpretation of Longuage and Meaning. Landon: Edword Arnold .
- Hornberger, N.H. and Mckay, S.L. (2010) socioling uistics and Longuage Educution , Bristol: Multilingual Matters.
-kashif, J. Asif ,M. and ljaz ,T. (2025) Cultral Narratives in proverbs : A socioltural perspective on Trans mission and Adaptation ; Dialogue social science Review 3(1)p.1174.
- Langendoen, D.T (1972) the London school of Linguistics ;Astudy of B. Malinowski and J.R. Firth , Research monograph. University of Colifornia.
-Lessig, L.(1995) The regulation of social meaning ; University of Chicago Law Review , 62, p . 943.
- Love, N. (1986) The Linguistic Thought of J.R. Firth , Stellenbosch popers in Linguistics 15 ,pp.31-60 .
- Louw, B. (2021)Collocation as the determinant of Verbal art , Language and verbal art revisited.

-Maalej , Z. (2009) A cognitive pragmatic perspective on proverbs and its implications for translation . in ternational Journal of Arabic – English studies 10,pp.135-154.
-okamoto, makoto,(2010)context of stluotion and the concept of register ‘ Journal of Applied Linguistter, 15(2), pp. 45-60.
-Riegel, M. (1996) La semantiqe et le sens; Langue francaise , 12(3), pp. 45-60.
-senis , A.(2015) The contribution of Johan Rupert Firth to the history of linguistics and the rejection of conference of Linguistics in Erope . paris sole , pp, 270-296.

Sources in Kurdish :
- Peshkawt Majid Mohammed (2024) Language as an effective tool of verbal violence and language crimes (insults and threats, for example), Garmian University Journal.
-Kherallah Daho Abdullah (2025) Dimensions of Social Criticism in Kurdish Proverbs, such as Sheikh Mohammed Khal's Proverbs.
-Dlan Osman Abdulkarim (2014) Team in Kurdish Short Stories (1991-2000), Master's Thesis, School of Language, Sulaimani University.
- Sunur Qadir Faraj (2021) Technique in Sherzad Hassan's collection of stories (Guli Rash), Master's thesis, School of Language, Sulaimani University.
-Sayed Yasin Qurayshi (2023) Satire in Kurdish Literature, Kurdipedia, available online at https://www.kurdipedia.org/default.as.
-Sirwan Samin Ahmad (2021) Taboo in the proverbs of the ancestors, Journal of Kirkuk University / Humanities Studies, No.
- Sherko Hama Hamin Qadir (2009) Discourse Analysis of News, Published by Kurdology Center, Ranj Printing House, Sulaimani.
- Sheikh Mohammed Khal (2005) Farhangi Khal, Second Edition, Aras Publishing House, Erbil.
- Alaeddin Sajadi (2015) Pearl Field, Amyar Exhibition, Sanaa.
- Adnan Ahmad Mustafa (2022) Social Dimension in Poetic Texts of Latif Helmet, Master's Thesis, Charmo University, Chamchamal.
- Hama Saeed Hassan (2005) Thought and Style in Kurdish Story, Aras Cultural Publishing House, Erbil.
- Mohammed Hussein Ahmad (2016) Conflict of Languages (Middle and Lower Languages) as an Example, Master's Thesis, Garmian University.
- Nasrin Fakhri, (Diyarniya) Historical Development of Word Semantics and Its Role in Language Enrichment.

-and. Nariman Abdullah Khoshnaw (2021) Social Linguistics, N Mohammed Hassan Abdulaziz, Hevi Printing House.
- Hazhar Mukriani (1980) Kurdish-Kurdish-Persian Dictionary Hanbane Borina, Sarush Publishing House, Tehran.
Sources in Arabic:
- Mohammed Mohammed Younis Ali (2004) Introduction to Literature, First Edition, New Book House, United Benghazi - Libya.
- Abdulhadi bin Tahir al-Shahri (2004) Strategies of Address: Interactive Linguistic Comparison, First Edition of the United New Book House, Beirut.
- Abdulqader Sharshar (2002) The importance of language and its functions in communication operations: reading in books, introduction to linguistic analysis: words - semantics - context, Humanities Magazine No.
-Hadi Nahri (1988) Social Linguistics among the Arabs, first edition, Mustansiriyah University.
Sources in English :
-Attardo, S.(2024) Linguistic theories of humor Berlin: De Grugter Mouton.
-Brunila, M. , and Laviolette, J. (2022) What company do words keep? Revisiting the distributional semantics of J.R. Fithe & Zellig Harris ; in proceedings of the Computational Humanities Research Conference.
-Dabaghi , A. , pishbin, E. , and Niknasab, L. (2010) Proverbs from the viewpoint of translation ; Journal of Language Teaching and Research , 1(6) ,pp.200-250.
-Dempsey,N. Bramley , G. power S. and Brown , C . (2009) The socia dimension of sustainable development: defining urban social sustainability; Sustainable Development, 19 (5), pp. 289-300.
-Firth .J.R (1957) papers in linguistics 1934-1951 London : oxford university press .
-Firth .J.R (1935) the Technique of semantics , teansactions of the philological society ,34 (1) pp.36-73 .
-Geeraets, D.(2025) Harris, Firth and distributional semantics; Lege artis . Language yesterday Today , Tomorrow 10 (1) ,p21.
-Halliday . M.A.K (1978) Language as social semantic: the social interpretation of Longuage and Meaning. Landon: Edword Arnold .
- Hornberger, N.H. and Mckay, S.L. (2010) socioling uistics and Longuage Educution , Bristol: Multilingual Matters.
-kashif, J. Asif ,M. and ljaz ,T. (2025) Cultral Narratives in proverbs : A socioltural perspective on Trans mission and Adaptation ; Dialogue social science Review 3(1)p.1174.

- Langendoen, D.T (1972) the London school of Linguistics ;Astudy of B. Malinowski and J.R. Firth , Research monograph. University of Colifornia.
-Lessig, L.(1995) The regulation of social meaning ; University of Chicago Law Review , 62, p . 943.
- Love, N. (1986) The Linguistic Thought of J.R. Firth , Stellenbosch popers in Linguistics 15 ,pp.31-60 .
- Louw, B. (2021)Collocation as the determinant of Verbal art , Language and verbal art revisited.
-Maalej , Z. (2009) A cognitive pragmatic perspective on proverbs and its implications for translation . in ternational Journal of Arabic – English studies 10,pp.135-154.
-okamoto, makoto,(2010)context of stluotion and the concept of register ‘ Journal of Applied Linguistter, 15(2), pp. 45-60.
-Riegel, M. (1996) La semantiqe et le sens; Langue francaise , 12(3), pp. 45-60.
-senis , A.(2015) The contribution of Johan Rupert Firth to the history of linguistics and the rejection of conference of Linguistics in Erope . paris sole , pp, 270-296.